بۆ ڕێزدار عوسمانی حاجی مەحموود

وەزیری ناخۆی کوردستان

بابەت: دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک

دوای عەرزی حورمەت و سڵاو.. سەیدا وەزیری ناوخۆ... ماوەی دە ڕۆژ زیاترە، نووسەری هێژا (حەمەسەعید حەسەن)، لەسەردانێکدا بۆ شاری سلێمانی تووشی ئەو دەرستدرێژییە ناڕەوایە بووە، کە لەلای کەس شاردراوە نییە. تۆمەتباریش، لەبەر ئەوەی هەردەم پێوەندیی لەگەڵ کەس و کارە هەرە نزیکەکانیدا، کەهیچ گومان لە ئۆرت و بەرێزییان ناکرێ، ئاڵۆز و ناجۆر بووە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم لەهەموو ڕوویەکەوە ئێوەی پێشمەرگە گەلێک لە ئێمە چاکتری دەناسن. هەروەک بەرپرسانی پۆلیس و ئاسایشیش لەوێ، گەلێ لەئێمە چاکتر دەزانن لەکوێ خۆی شاردۆتەوە.

ئەم حکومەتی کوردستانەی نهۆ لەئارادایە و جڵەوبەدەستە، ئاواتی دێرینەی من و هی هەموو کوردێکی بەڕێزە و یەک لەباری خۆم لەگەڵ کەموکوڕییەکانیشیدا هێشتا هەر مایەی شانازیمە. ئەوەندەشی بتوانم بەرگریی لێدەکەم. بۆیە هەموو چاوەڕوانی ئەوەش لە حکومەت دەکەین بەرگریی لە زوڵم لێکراو بکات و تۆمەتباریش بەرەوڕووی دادگا بکاتەوە. چونکە لەوڵاتی دیموکراتیدا دەستەڵاتەکان جیاکراونەتەوە و لەهیچ لایەکەوە فشاریان لەسەر نییە، بۆیە بڕیاری یەکەم و کۆتایی هی دادگایە.

بەندە وەک کەسێکی شارەزای سلێمانی و خەڵکی شارەکەش، تەواو لەوە دڵنیام و جەختیشی لەسەردەکەم، کە دەزگەی ئاسایشی سلێمانی لەلایەن کەسانێکی تەواو بەتواناو شارەزاوە بەڕێوە دەچێت، بۆیە هیچ تۆمەتبار و تاوانبارێکیان لێ عاسی نابێ. وەک دەڵێن لەبن عەرد بێ دەیخەنە سەر عەرد. بەڵگەش ڕوودانی کەمترین ڕێژەی کاری تیرۆریستی و وێرانکارییە لەشارەکەدا. ئەوان بەزۆریی توانیویانە بەر لەوەی ناحەزان پیلانەکانیان بخەنە واری جێبەجێکردنەوە دەستگیریان بکەن و هەوڵەکانیان لەباربەرن. کەچی ئێستا لەئاستی تۆمەتبارێکدا، کەبڕوام وایە کەم کەس لەڕووی بێت و غیرەتی قەبووڵ بکات بیحەوێنێتەوە و داڵدەی بدات، دەستەوستان خۆیان پیشان دەدەن. نایشارمەوە ئەم هەڵوێستە هەموومانی نیگەران کردووە.

من وەک برای گەورەی حەمەسەعید، ڕایدەگەیێنم کە ئێمەی کەس وکاری نووسەری هێژا، تەواو لەو حاڵە ناجۆرە نیگەرانین و گومانی لەلا پەیداکردووین و گەلێک پرسیاری ڕەواشمان لەلا دروست بووە، کە ئەم نامە واڵایە جێکەی درکاندنیان نییە.. بۆیە داواتان لێدەکەین تۆمەتبار هەرکەسێکە، یان سەربە هەر لایەنێکە، هەوڵبدەن هەرچی زووترە دەستگیری بکەن و بەرەوڕووی عەدالەتی بکەنەوە. چاوەڕوانی هەوڵ و هیممەتتانین.. خوا حکومەتی کوردستان پایەدارکا.

براتان

حەمەفەریق حەسەن

کۆبنهاون/ دانیمارک

heme41@hotmail.com